# کورتەیەک لە ژیانی ئیبن جەوزی

[ kurdish – کوردی – كردي ]

**قانع خورشید**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2013 - 1434

IslamHouse.com

# نبذة عن حياة ابن الجوزي

« باللغة الكردية »

## قانع خورشيد

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# کورتەیەک لە ژیانی ئیبن جەوزی

ابن الجوزي: ناوی عەبدورڕەحمانی کوڕی عەلی کوڕی موحەممەدی کوڕی عەلی کوڕی جەوزی، قورەیشی، بەکری، بەغدادی، حەنبەلییە، لە پشتەوە نەسەبی دەگاتە ئەبوبەکری صیددیق خوای لێ ڕازی بێت، کونیەی (أبو الفرج) بووە، نازناویشی بە (ابن الجوزي) دەرکردووە.

لە ساڵی (٥٠٨) ی کۆچی لە شاری بەغداد لە گەڕەکی (مشرعة الجوز) هاتووەتە دونیاوە، بە یەتیمی گەورە بووە و، خزم و کەسوکاری سەرپەرەشتیان کردووە، هەر لە منداڵییەوە (أبوالفضل)ی خاڵی چاوی لێ بووە. فەرموودەی پێغەمبەریشی پێ گوتووە و قورئانیشی پێ لەبەرکردووە. دوایی ناردوویەتی بۆ لای هەندێ قورئانخوێن تاوەکو فێری زانستی (قراءات)ی بکەن. پاشانیش پەیوەندی بە کۆڕی زانایانەوە کردووە، تا خۆی ناوی دەرکرد و لە ئاسمانی زانستدا ئەستێرەکەی درەوشایەوە.

## ڕەوشتی ئیبن جەوزی:

(ئیبن جەوزی) ئەخلاق و ڕەوشتێکی بەرزی هەبووە. زاهیدێکی دونیانەویست بووە،ماڵێکی زۆر کەمی هەبووە، بەزۆری حەزی لە جدی بوون بووە تا ئەو ڕادەیەی هیچ کات نەبینراوە گاڵتە و سوعبەت لەگەڵ کەسدا بکات، هەرگیز یاری لەگەڵ هیچ منداڵێکیشدا نەکردووە، هەروەك هیچ شتێکیشی نەخواردووە تا بە تەواوی نەیزانیبێت حەڵاڵە. لەگەڵ ئەمەشدا دەنگی زۆر خۆش بووە، ڕەفتاری شیرین و نەغمەی نەرم و جوڵەی ڕێکوپێك بووە، ئەگەر جار جار نوکتەی باس بکردایە زۆر بە چێژ دەیگێڕایەوە.

یەکێك لە سیفەتە دیارەکانی ئەوە بوو وەڵامی بەردەوام ئامادەبوو، دەگێڕنەوە لە بەغداد قاڵەیەك لە نێوان شیعە و سوننەکاندا دەربارەی باشتریەتیی ئەبوبەکر و عەلی خوایان لێ ڕازی بێت دروست بوو، هەموویان گوتیان هەرچی شێخ ئیبن

جەوزی فەرمووی، پێی ڕازی دەبین. ئەویش لە وەڵامیاندا گوتی: "باشترینیان ئەوەیە کە کچەکەی خێزانی بووە"! دەستبەجێ لە مینبەرەکەی دابەزی و چوو بۆ ژوورەکەی تاوەکو کەس بۆ داوای ڕوونکردنەوە نەگەڕێتەوە لای... سوننەکان دەیانگوت: مەبەستی ئەبوبەکر بوو، چونکە عائیشەی کچی خێزانی پێغەمبەر بوو (صلى الله عليه وسلم)، شیعەکانیش دەیانگوت: مەبەستی عەلی بوو: چونکە فاتیمەی کچی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) خێزانی بوو! ئەمە نموونەی شیرینوەڵامی و ئامادەباشیی بەردەوامی ئەم زانایە بوو.

**مامۆستاکانی:**

ئیبن جەوزی لای ژمارەیەکی زۆر لە زانایان دەرسی خوێندووە، لەوانە (ئەلجوالیقی، ئیبنولفەڕاء، ئەبولقاسم ئەلعەلەوی، ئەبوسەعید ئەحمەدی کوڕی موحەممەدی زەوزەنی، عەلی

کوڕی عەبدولواحیدی دینەوەری، ئەبوعەبدوڵڵا حەسەن کوڕی موحەممەدی بارع) و چەندین زانای تر.

**قوتابیەکانی:**

سەرچاوەکان باسی هیچ قوتابییەکی ناوداری (ئیبن جەوزی)یان نەکردووە. وەك کەسانی دەرکەوتوو، بەڵکو تەنیا ئەوەیان باس کردووە کە کۆڕی زانیاریی ئەم کەڵە پیاوە قوتابیگەلێکی زۆری لە خۆگرتووە، هەندێکیان ژمارەیانیان گەیاندووەتە سەد هەزار و زیاتر. ئەم ژمارەیە هەرچەندە زیادەڕەوی تێدایە بەڵام هەر بەڵگەیە لەسەر زۆریی ئەو کەسانەی لە وانەکانیدا دانیشتوون. شێخ (سەعدی شیرازی)یش لە گوڵستاندا ئاماژە بەوە دەدات کە قوتابی ئیبن جەوزی بووە!

## پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری:

هەر کەس ژیاننامەی (ئیبن جەوزی) خوێندبێتەوە تێدەگات کە زۆر گوێی نەداوەتە ڕووکەش و حەزی لە تێکەڵاویی کاربەدەست و دەسەڵاتداران نەبووە، بەڵکو بە زۆری لەماڵدا دادەنیشت، ماڵی بەجێ‌نەدەهێڵا و دەرنەدەچوو مەگەر بۆ کۆڕی عیلم و وانەبێژی یان بۆ نوێژی جومعە.

هەر کەس نوسراوەکانی بخوێنێتەوە، دەریایەك لە زانست و ڕۆشنبیری لەبەردەستیدا دەبینێت، دەستنووسێکی زۆری لە هەموو بوارە جیاوازەکانی وەك (تەفسیر، حەدیس، فیقە، ئامۆژگاری، زوهد، سەرگوزەشتە، مێژوو، پزیشکی)دا هەیە، هەروەك شیعرێکی زۆریشی لە پاش بەجێماوە.

(ئەبوموزەفەر)ی نەوەی دەڵێت: گوێم لە باپیرم بوو دەیگوت: “بەم دوو پەنجەیەم دووهەزار بەرگ کتێبم نووسیوەتەوە و،

سەدهەزار کەس لەسەر دەستم تەوبەیان کردووە و، بیست هەزار کەسیش لەسەر دەستم موسڵمان بوونە"[1]!

دەگێڕنەوە کە لە یەك ڕۆژدا چوار کوڕاسەی نووسیوە، ساڵانە لە نێوان پەنجا تا شەست کتێبی دەنووسی و، بە حەفتەیەك قورئانی خەتم دەکرد.

**نوسینەکانی :**

مێژوونووسان و ئەو کەسانەی ژیاننامەی (ئیبن جەوزی)یان باس کردووە ژمارەیەکی زۆر کتێبیان داوەتە پاڵی، هەندێکیان _وەك ئیبن کەسیر_ گەیاندوویانەتە سێ سەد کتێب، بەڵام زۆربەی نووسینەکانی نەگەیشتوونەتە ئێمە، هەندێکیشیان بە

[1] جاران بۆ ئەوەی کتێبێکت دەست بکەوتایە دەبووایە لەبەریت بگرتایەتەوە، چون چاپ نەبوو! ئیتر زانایان جگە لە نووسینی شتەکانی خۆیان ناچار بوون هەر کات دڵیان چووە سەر کتێبێك و نوسخەیان بە پارە پێ پەیدا نەکرا، یا پارەی کڕینیان نەبوو، دانیشن و بە دەستی خۆیان بینووسنەوە. جا ئیبن جەوزی لەم قسەیەیدا مەبەستی ئەوە نییە دووهەزار کتێبی دانراوی خۆی هەیە، بەڵکو کۆی ئەو کتێبانەی نووسیویەتیەوە گەشتووەتە دووهەزار کتێب.

دەستنووسی و بێ لێکۆڵینەوە ماونەتەوە. گرنگترین **نووسینە ناسراوەکانی ئەمانەن:**

(التبصرة) و (الموضوعات) و ( تلبيس إبليس) و ( زاد المسير في علم التفسير) و ( المنتظم في تأريخ الملوك والأمم) و ( مناقب عمر بن الخطاب) و ( مناقب عمر بن عبدالعزيز) و (مناقب أحمد بن حنبل) و ( روح الأرواح) و (صفة الصفوة) و (الأذكياء وأخبارهم) و (أخبار الحمقى والمغفلين) و (أخبار النساء) و (صيد الخاطر) و (المدهش) و (اللطائف) .

چەندین کتێبی تریش. کۆمەڵێك لەو کەسانەی ژیاننامەیان نووسیوە ڕەخنەی ئەوەیان لێ گرتووە کە کاتێك کتێبی دەنووسی و لێی دەبوویەوە ئیتر سەیری نەدەکرد و لای بەلادا نەدەکردەوە ئەمەش تێکەڵییەکی لە نووسینەکانیدا دروست کردووە، هەروەك شتی خەیاڵی و خورافییشی کەم نەبووە.. زۆرجار ناوی هەندێك لە نووسینەکانی لێ تێکەڵ بووە!

## ناڕەحەتی و زیندان:

لە سەردەمی دەسەڵاتی خەلیفە ناسردا، ئیبن یوونسی حەنبەلی لە ویلایەتی خۆیدا، دوای لەسەر کار لادانی عەبدوسسەلامی کوڕی عەبدولوەهابی کوڕی شێخ عەبدولقادری گەیلانی (ئیبن جەوزی) لە پۆستی وزارەتدا دانا، بە تۆمەتی زەندیقی و ئەستێرەپەرستی کتێبەکانی (عبدالسلام)یشیان هەموو سووتاند، کە کارێکی نەشیاو و خراپ بوو! بەڵام دواتر (ئیبنولقەسساب) هاتە جێگەکەی (ئیبن یوونسی حەنبەلی) و دەستی کرد بە ڕاوەدوونانی هەموو ئەو کەسانەی پەیوەندییان پێوە هەبوو. (ئیبن جەوزی)یش یەکێك بوو لەوانە. بۆیە لە دوادواییەکانی ژیانیدا تووشی ناڕەحەتی و تاقیکردنەوەی زیندان بوو، هەواڵی خراپیشی لەبارەوە بۆ خەلیفە ناسر نێردرا. بۆیە دەستگیر کرا و دوور خرایەوە و، دەرگای ماڵەکەیان داخست، کەسوکاریشیان بڵاوە پێ کرد. ماوەیەك لە

(واسط) زیندانی کرا، تا دایکی خەلیفە شەفاعەتی بۆ کرد و لە زیندان دەری هێنا. دوای ئەمە ماوەیەکی کەم ژییا.

## کۆچی دوایی:

پێشەوا (ئیبن جەوزی) لە شەوی جومعە و لەنێوان نوێژی شێوان و خەوتناندا، لە دوازدەی ڕەمەزانی ساڵی (٥٩٧ ی کۆچی) لە تەمەنی هەشتاونۆ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و لە دونیا دەرچوو، بە بەیانییەکەیدا تەرمەکەیان بەسەر هەڵگرت و تا گۆرستان بردیان و لە (باب الحرب) لە نزیك ئارامگای ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل بە خاکیان سپارد، ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی مێژوویی بوو، هەندێك لە ئامادەبووانی مەراسیمەکە لەبەر زۆری گەرما و قەرەباڵغییەکە ناچار بوون ڕۆژووەکەیان بشکێنن، خوای گەورە لێی خۆش بێت و بیخاتە بەهەشتی بەرینەوە و، لە هەڵە و زەڵلەکانیشی ببوورێت.